کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:26 25-4-2007

# دوو دڵۆپ فرمێسک بۆ دوعا و دوو پێناسەش بۆ جانەوەراکانی شەهیدیانکرد ... چنکار ئەحمەد عەلی

دوێنی هاوڕێەکی نزیکم دیمەنێکی زۆر دڵتەزێنی پیشاندام کە لەسەر مۆبایلەکەی هەڵیگرتبوو پێش تەواوبونی دیمەنەکە خۆم پێنەگیرا و دڵم پڕبوو دوو فرمێسکم بەچاواندا هاتەخوار کە سەرچاوەی فرمێسکەکانم ناخی دەروونم بو ویژدانم بوو ئای کەدیمەنێکی جەرگ بڕ بوو موچوڕکەیەکی سارد و پڕ ئازار لە پەنجەی پێمەوە دەستی پێکردوو لە تەوقی سەرمەوە دەرچوو تۆبڵێی ئەم تاوانبارەی ئاوها بەم وەحشیەتە سزای ئەدەن ئەبی چەند کەسی سەر بڕیبی تۆ بڵێی دەستی لە ئەنفالدا نەبوبی یان بڕیاری گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەلایەن ئەمەوە دەرچوبێت یان دیارە نەهامەتیەکانی بەسەر عێراقدا هاتوون تاوانی ئەم بوبی، ئای لەو ئابڕو چونە ئای لەو بێحورمەتیە، ئای لەو بێدەسەڵاتیەی دەسەڵات کەبە بەر چاوی کامەندانی پۆلیسەکانیەوە ئەم تاوانە ئەنجام ئەدرێت، دیمەنی بلۆك باران کردنی ئافرەتێك ئەبی چۆن بێت کە هەموو تاوانەکەی خۆشەویستی بووە و لەهەمووی بێشەرمانە تر وێنەگرتنی ئەم













تاوانە وەك ئەوەی وێنەی سینەمایی بگرن، خوا ئەبی ئەم وەحشیەتە چۆن سزا بدات تۆ بلێی ئەمە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نیشانەکانی ئاخر زەمان نەبن؟ ئەو مرۆڤە ڕەوشت جانەورانەی ئەم تاوانەیان ئەنجامدا هیچ پێناسەیەك نادۆزمەوە کە ئەمانەی پێوەسف بکەم ئەمانە دڕندەکانی چاخی بەردینن ئەژدیهان و بەخوێن خواردنەوەی بێدەسەلاتان تینوێتیان ئەشکێت ئەمانە بێبەرین لە هەموو ڕەوشتێکی مرۆڤایەتی کوا مافی ئافرەتان کوا مافی مرۆڤ خۆ ئەم ئافرەتە ئەگەر مافی مێینەی نەبێت خۆ وەك مرۆڤ مافی هەیە کوا دەسەلات کوا یەکیەتی ئافرەتان و ژنان؟ ئەوەی خاوەنی تۆسقاڵێك ویژدان بێت ئەم کارە ڕسوائەکات ئەگەر بەیەك ووشەش بێت لەهەر ڕێگایەکەوە بێت ئەمکارە ڕسوابکەن دەنگتان هەبێت بۆ سزادانی ئەو جانەورانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.